# کردەکیبوونەوەی ڕەخنەی ئەفلاتوون لە شیعر

"شیعر وەک بەراییترین شێوەی ئەشکەنجەدانی زمان"



**سلاڤۆی ژیژەک**

و. ڕوشدی جەعفەر

## وتەیەکی وەرگێڕ

ئەمەی لێرەدا دەیخوێننەوە بریتییە لە دوو وتاری ژیژەک دەربارەی شیعر و پەیوەندییەکەی بە پاکتاوکردنە نەژادییەکان و کورتە وەڵامێکیشی سەبارەت بە مەرگی شیعر. وتاری یەکەم لە 14ی ئابی 2008 و وتاری دووەمیش لە 3ی ئازاری 2014دا بڵاوبوونەتەوە. دوو سێ برگە، بە جیاوازییەکی کەم لە دارشتن و زماندا، لە هەردوو وتارەکەدا دووبارەبوونەتەوە، بۆیە لە کوردییەکەشدا لە هەردووکیاندا هەر دانراونەتەوە. ئەم ناونیشانە گشتییەی سەرەوەش بۆ هەردوو دەقەکە دانراوە و لە ناواخنی وتارەکانەوە هەڵهێنجراوە (ئاماژەشە بۆ ناونیشانی وانەوتارێکی ژیژەک لەساڵی 2009دا: "ڕەخنەی ئەفلاتون لە شیعر: تێکەڵەیەک لە پرسی شیعری و سەربازی یان کردەکیبوونەوە و ئەکچواڵیتەی ڕەخنەی ئەفلاتون لە شیعر"). ئەم ناونیشانە دوو بەشییەی سەرەوە، هەم شرۆڤەی ژیژەک بۆ چییەتیی شیعر و هەم ڕەخنە ئەفلاتوونییەکەشی لە چەشنە شیعرێک دەردەخات. هەڵبەت ناونیشانەکە دەرەنجام و هۆکار نییە، بەڵکو دوو ڕەهەندی شرۆڤەکەن؛ دژوەستانەوەی ژیژەک بۆ شیعر لەسۆنگەی پێگە دەستوەردەرە پاشەوپاشەکەی شیعرەوەیە، زەمینەسازییەکەی بۆ کردەکیکردنەوەی توندوتیژیی سیاسی و هتد، بەڵام ژیژەک لەم نمونە واقیعییانەی پەیوەندیی نێوان شیعر و تاوانە سیاسییەکان، کە لە وتارەکاندا باسکراون، ڕەهەندێکی گشتیتری شیعر خۆی وەک ئەشکەنجەی زمان هەڵدەگۆزێت- کە ئەمیان خۆبەخۆ مانایەکی نەرێنیی نییە و پەیوەندیدارە بە پرسی بەگۆهێنانی حەقیقەتەوە. گرنگیی ئەم تێڕوانینە بەنیسبەت خۆشمانەوە ئەوەیە، زۆرجار لای ئێمە شیعر و ئەدەبیات بەگشتی وەک "پەپولەسازی" و "دونیا جوانەکە" سەیردەکرێن. لەکاتێکدا ڕەنگە دیوە هەرە توندوتیژەکەی شیعر لە کەوڵە جوانیناسییەکەیدا خۆی شاردبێتەوە. بۆنمونە ئەگەر هەمان پرسیارەکەی ژیژەک لە پەیوەند بە دۆخی کوردەوە بکەین: ئاخۆ تۆبڵێی پشکی پێشوەختەی "شاعیرە ناسیونالیستەکان" لەو کۆمەڵکوژییانەدا چی بێت کە بەسەر

کورددا هاتوون؟ ئایا "شاعیرە ناسیونالیستە" تورک و عەرەبەکان دەکەونە کوێی ئەم پاکتاوە نەژادییەی هەر لەپێناو بەرجەستەکردنی ئەم خەونە نەتەوەییانەی شاعیراندا پیادەکراون؟ (گەر واز لە ماهیەتی گوایە "دەرەکات" و "دەرەشوێن"ــی شیعر بهێنین).
دیارە، وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستی بە توێژینەوەی تایبەتە، بەڵام دەتوانین پێشوەختە سووسەی ئەوە بکەین کە ئەدەبیش بە جۆرێک لە جۆرەکان لەم تاوانانەدا هاودەست بووە. مەرامی وەرگێڕانی ئەم وتارانەش[1]، بیرهێنانەوەی پەیوەندیی نێوان شیعرو فیکر، و شیعر و دەستوەردانێتی لە واقیعدا- بەتایبەت ئەو جۆرە شیعرەی دەبێتە هەڵگری خەونە فاشیستییەکان.
لە کۆنتێکستێکی گەورەتریشدا، لە دەرەوەی پەیوەندیی شیعر (جۆرێک لە شیعر، بێگومان) بە جینۆسایدەکانەوە، ناپاکییەکی گەورەتری شاعیران (نەک تەنیا "شاعیرە ساختەکان" بەڵکو هەندێجار شاعیرە "گەورە" و "حەقیقی"یەکانیش) بەدیدەکەین، بۆنمونە هەر سێ ڕۆمانی "بەفر"ی پامووک و "ژیان وا لە شوێنێکی دیکەیە"ی کۆندێرا و "کەشتی فریشتەکان"ی بەختیار عەلی، بە دیوێکدا سێ ڕۆمانن دەربارەی "خیانەتی شاعیران"... لە ئاستێکی ڕۆژانەیی و زۆر سادەتریشدا، ئاخۆ ئەو نەشوە سەرمەستکەر و بێئاگایەی جۆرە شیعرێک بۆ جۆرێک لە خوێنەری ئێمە بەرهەمیدێنێت خۆی ئەوپەڕی توندوتیژی نییە؟ ئایا کرِوزانەوە بەناوی عەشق لای تاکی ئێمە بەرهەمێکی شیعرە زاڵەکەی خۆمان نییە؟ ئایا ئەو ملکەچی و ناجێگیری و لەرزۆکییەی تاکی کورد چ پەیوەندییەکەی بەو خۆکردنبەسەگە شاعیرانەیەوە هەیە کە لە زەمانی نالی و مەحوی دەوترێتەوە، گەر لە پەراوێز و درزەکانی ئەم گوتارە لای هەندێک شاعیری تر بگەڕێین؟ ئایا ئەگەر سەردەمانێک ئەوە شیعر بووبێت ڕۆڵێکی گەورەی هەبووبێت لە پاراستنی زمانی ئێمە لە توندوتیژیی دەرەکیدا، ئەی خۆی چەندە توندوتیژیی ناوەکیی بەرهەمهێناوە و بەرهەمدێنێت؟ ئایا برەوێکی ڕێژەیی هەندێک شاعیری بەحەق ساختە

---

[1]. لە داهاتووشدا نامیلکەی "کێشەی ئەدەب" لە نوسینی وەلید عومەر بڵاودەبێتەوە و ڕەهەندە کۆنکرێتییەکانی کێشەکە لە واقیعی خۆماندا دەپشکنێت.

و فەرامۆشکردنی کۆمەڵێک شاعیری ڕەسەن و حەقیقیتر چیمان دەربارەی خودی شیعر پێدەڵێت، نەک تەنیا بەرخوردی ئێمە لەگەڵیدا؟ لەمەش گرنگتر، ئایا زۆریوبۆریی شیعر لە ڕۆشنبیریی کوردیدا خۆی دەلالەت لە نوقسانییەکی بنەڕەتیی شیعر، بە مانای پڕبەپێستی وشەکە، ناکات؟ بەکورتی، ئەم هاودەستییە ئەکتیڤ و ڕیترۆئەکتیڤەش لە توندوتیژی یان توندوتیژییەکاندا، کە ژێژەک دەیداتە پاڵ شیعر، دەبێت بەنیسبەت ئێمە بۆ چەندین خاڵی بچووکتریش وردبکرێتەوە. ڕەنگە هەر ورووژاندنی ئەم ڕەخنە "نائەدەبی"یە لەمەڕ جۆرێک لە شیعر و ئەدەبیات بتوانێت ئیمکان و بەربەستەکانیان باشتر نیشانبدات، بەبێ ئەوەی جێی ڕەخنە و توێژینەوەی ئەدەبی بگرێتەوە. گەرچی لای ئێمە هەست بە تێکەڵەیەکی سەمەرەی دیکەش دەکەین: لە لایەکەوە وێنای زاڵی ئەدەب وەک "پەپولەی جەنەت و دونیا جوانەکە" هەر هەیە و لە لایەکی تریشەوە هەندێک لە ئەدیبەکان خۆیان و خوێنەران و هتدیش دەربارەی "ئەدەبی ساختە" و "ناشیرینییەکانی ئەدیبەکان خۆیان لە ژیانی ڕۆژانە"یاندا و هتد دەدوێن. ئەم کۆنیشانەیە دەرخەری ئەوەیە چیدی وێنا کۆنەکە تاکە وێنا نییە بەڵام بەکردەیی درزی گەورەشی تێنەبووە. ڕاستییەکی سادەش هەیە: ڕەخنە لە ئەدەب عادەتەن ڕەخنەیە لە جۆرێک ئەدەب و لەپێناو جۆرێک لە ئەدەبی دیکەیە، بەبێ بەشینەوەی هیچ ڕەچەتەیەکی پێشوەختەی ناکۆک بە ماهیەتی کراوەی نوسین و ئەدەب و شیعر. لەمەش زیاتر، دڕدۆنگییە دەرهەق بە واقیعێک کە لەسەر نادیدەگرتنی فیکر و تیۆر (بە تیۆری ئەدەبیشەوە) دەژی: ئاخۆ هۆکارێکی ئەوەی "هەموو کورد شاعیر و ئەدیبە!" بریتی نییە لە نەبوون و جێگیرنەبوون و نەچەسپینی کۆمەڵێک "پێوەری ڕەق"ی تیۆری؟ واتە جۆرە "سانسۆر"ێکی ئەدەبی و هزری "نا-چەوسێنەر" و بەناوەکیکراو؟ چونکە پێگەی لاوازیی تیۆر بە زیانی خودی ئەدەبیش دەگیرسێتەوە. لە چەندین چاوپێکەوتندا لەگەڵ شاعیرانی کورد، پرسیارێک کە زۆرجار لێیان کراوە ئەوەیە: چۆن لە پەیوەندیی نێوان شیعر و فیکر یان فەلسەفە تێدەگەن؟ دوور لە خەریکبوون بەم پرسیارە و بەکێشەکردنی، ڕەوایە بپرسین ئاخۆ هەر خودی

ئەم پرسیارە دووبارەیە لە واقیعێکدا کە فیکر بەکردەیی پێگەیەکی لاواز و لە ئاستی نەبووی تێدایە خۆتەفرەدانێکی گەورە نییە؟ ئاخۆ هەر بەڕاستی برەوی "دونیا جوانەکە" ناگەڕێتەوە بۆ نەچەسپینی هزرێکی تیۆری؟ سەرەنجامیش چییە لە فیستیڤاڵە ئەدەبییەکاندا خودی ئەدیبانیش نەتوانن دەستبخەنە سەر کێشەی ئەدەب و شیعر و سەردەمەکە؟

بەڵام ئاخۆ ڕەخنە لە شیعر لە سەردەمێکدا کە گوایە "شیعر مردووە" ڕەخنەیەکی نامێژوویی و دەرەسیاق نییە؟ لەکۆدا ڕەنگە شیعر ڕۆڵە نەریتییەکانی لەدەستدابێت، پێگە کۆنەکەی نەمابێت، بەردەنگ و کاریگەرییەکەی کەمبووبێتەوە، بەڵام ئەمانە پێکڕا مەرگی شیعر نین، لە خراپترین حاڵەتدا گیانەڵا و پەلەقاژەی شیعرن لە سەردەمێکدا کە ڕوویەکی "شیعری یان شاعیرانە"ی وەرگرتووە. ئایا ئێمە لە سەردەمی پۆست-شیعردا دەژین یان لە سەردەمێکدا کە هەموو شت شیعرییووەتەوە (نزیک لەو مانایەی چول هان دەربارەی "سەردەمی لووس" دەیڵێت)؟ هەرچۆنێک بێت لای ئێمە هاوکات هەم شیعر وەک شیعر (ئیدی بەدەر لە چەشن و چەندێتی و چۆنێتیی خوێنرانەوەی هەیە) و هەم بونیادێکی شیعری و ئەدەبیش هەیە کە ڕۆشنبیریی کوردی لێیەوە دەستپێکردووە و بەجۆرێک هەر درێژەشی پێدەدات و هەم "سەردەمێکی شل و شیعری"ی، لانیکەم لە فەزا مەجازییەکەدا، پێشدەچێت خودی زبرییەکەی ناو سۆشیاڵ میدیاش هەر پێچێکی هەڵگەڕاوەی ئەم زەینە بێت.

❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋

# تێکەڵەیەک لە پرسی شیعری و سەربازی [2]

سلاڤۆی ژیژەک

لەئێستادا [3]کە سەرەنجام ڕادۆڤان کاراجیچ [4]دەستگیرکرا، کاتی ئەوەیە ئەو خاڵە بیری خۆمان بهێنینەوە کاراجیچ، کە خۆی لەڕووی پیشەییەوە دەروونپزیشک بوو، تەنیا سەرکردەیەکی سەربازی و سیاسیی بێبەزەیی نەبوو، بەڵکو شاعیریش بوو. نابێت شیعرەکانی وی وەک شتێکی پاتاڵ و گاڵتەجاڕ ڕەتبکرێنەوە: بەڵکو شایەنی ئەوەن بەوردی بخوێنرێنەوە، چونکە شتێکمان دەرهەق بە شێوازی پیادەکردنی پاکتاوی نەژادی پێدەڵێن. ئەمەی خوارەوە چەند دێڕێکی سەرەتای شیعرێکی بێناونیشانێتی، کە بە پێشکەشکردنەکەیەوە دەناسرێت، "بۆ ئیزلێت سەراجلیک:[5]"

---

[2] The military-poetic complex

[3] ئەم وتارەی ژیژەک لە 14ی ئابی 2008دا بڵاوبۆتەوە. دەکرێت ئاواش وەربگێردرێت: ئاوێتەی سەبازی-شیعری یان ئاوێتەی سەربازێتی و شیعرییەت.

[4] Radovan Karadzic. سەرۆکی کۆماری سپروسکا لەمیانەی جەنگی بۆسنەدا لەنێوان ساڵانی 1992-1996. لەساڵی 2008دا دەستگیرکرا و بە تۆمەتی تاوانەکانی جەنگ و جینۆساید ماوەی چل ساڵ زیندانیکردنی بۆ بڕایەوە.

[5] For Izlet Sarajlic

وەرنە سەر باوەڕە نوێیەکەی من، هۆ خەڵکینە

شتێکتان پێدەدەم کەس پێشتر نەیبووە

زبری [6] و شەرابتان پێدەدەم

ئەوەی تا ئێستا بە برسێتی سەریناوەتەوە،

بە ڕۆشنایی خۆرەکەم

تێردەکرێت.

ئەی خەڵکینە، لە باوەڕەکەی مندا هیچ شتێک قەدەغە نییە

خۆشەویستی هەیە، خواردنەوە هەیە

تا دڵت دەخوازێ چاوبڕینە خۆرەتاو هەیە

ئەم خودایەتییە هیچشت لێ قەدەغە ناکا

دە دەی بەدەم بانگەوازەکەمەوە وەرن، گوێڕایەڵ بن،

ئەی برایان، ئەی کۆمەڵانی خەڵک

سەرکردەیەک کە "زبری و شەراب" بۆ خەڵکە شوێنکەوتووەکەی دابیندەکات نوێنەرەوەی بانگهێشتی قیزەونی **سوپەرئیگۆ**یە: هەموو قەدەغەکان هەڵدەپەسێردرێن تاوەکو بشێت ئەوان چێژ لە ئاهەنگێکی پڕکەیفوسەفای وێرانکەری بێئامانج و نەبڕاوە وەربگرن. **سوپەرئیگۆ** بریتییە لەو "خوایەتی"یەی کە هیچ شتێک لە خەڵک

[6] Inclemency: ئەوپەڕگیری، توندی، کەشوهەوای زریاناوی، سیفەتی زبر و مزیڕەتباری شتێک. لێرەدا وەرگێڕانی شیعرەکە تەنیا بۆ گەیاندنی مەبەستە- و

قەدەغەناکات. ئەم هەڵپەساردن و لەکارخستنەی قەدەغە ئاکارییەکان خەسڵەتێکی سەرەکیی ناسیونالیزمی "پۆستمۆدێرنە"یە. ئەم **سوپەرئیگۆ**یە ئەو کڵێشەیە بەراوەژوودەکاتەوە کە بەگوێرەی وی هاوشوناسییە ئیتنیکییە بەجۆشوخرۆشەکان ڕستێکی تۆکمەی بەها و باوەڕەکان لە گەرمەی نائارامیی کۆمەڵگای عەلمانیی گلۆباڵدا دەگەڕێننەوە، لەجیاتییەکەیدا تەنیا وەک کارئاسانکەرێکی شاراوەی "تۆ دەتوانیت!" (you may!) ڕۆڵدەگێڕێت. ئەوە کۆمەڵگا بەرواڵەت چێژخواز و ڕێپێدەرەکەی ئەمڕۆیە کە پارادۆکسانە یاسا و ڕێسای زیاتر و زیاتری تێئاخنراوە (سنووردارکردنی جگەرەکێشان و خواردنەوە، ڕێساکانی دژ بە گێچەڵی سێکسی و هتد)، هەر بۆیە تێگەی هاوشوناسیی ئیتنیکیی پڕجۆشوخرۆش، دوور لەوەی خوازیاری کۆتوبەندی تر بێت، وەک بانگێکی ئازادکەر ڕۆڵدەگێڕێت: "تۆ دەتوانی! تۆ دەتوانی ڕێسا توندەکان دەرهەق بە پێکەوەژیانی ئاشتییانە لە کۆمەڵگایەکی لیبراڵ و لێبوردەدا پێشێلبکەیت! تۆ دەتوانی هەر شتێک دڵت دەیخوازێت بخۆیت و بخۆیتەوە! تۆ دەتوانی درووستیی سیاسی ژێرپێبخەیت؛ تەنانەت دەشتوانی کینەدار بیت، شەڕبکەیت، خەڵکی بکوژیت و لاقەشیان بکەیت".

ئەلێکساندەر تیجانیک، گۆشەنووسێکی پێشەنگی سربی، کە ماوەیەکی کەمیش لە حکومەتەکەی میلۆسۆڤیجدا وەزیربوو، ئاواهی باسی لە "هاوژیانییە سەیروسەمەرەکەی نێوان میلۆسۆڤیج [7] و سڕبەکان" کردووە :

"میلۆسۆڤیج بەگشتی فیتاوفیتی سربەکان دەهاتەوە. لەژێر فەرمانڕەوایی ئەودا، سربەکان چیدی دەستبەتاڵ لێیدادەنیشتن. هیچ کەسێک هیچ کارێکی نەدەکرد.

---

[7] سەرکردەی سیاسیی سڕبەکان، و سەرۆکی کۆماری سڕبیا و دواتریشهی کۆماری فیدراڵی یۆگسلاڤیا، بە بەرپرسیار لە جینۆسایدی بۆسنە دادەنرێت.

میلۆسۆڤیج ڕێگەی بۆ گەشانەوەی بازاڕی ڕەش و قاچاغچێتی خۆشکرد...وێڕای ئەوەش، میلۆسۆڤیج مافی هەڵگرتنی چەک، و چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانیشمانی بە چەک پێدایِن... میلۆسۆڤیج ژیانی ڕۆژانەی بۆ پشوویەکی دووورودرێژ گۆڕی و وایشی لە هەمووومان کرد وا هەستبکەین کۆمەڵێک قوتابیی دواناوەندییِن و لە گەشتێکی دەرچوونداین- ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت، هەر شتێک کە دەیکەیت، هەر شتێک بە مانای پڕاوپڕی وشەکە، شیاوی سزادان نییە ."

ئاخۆ ئەمە هەر ئەو بارودۆخە نییە لە فیلمی "ژێرزەمین[8]" (1995)ی ئەمیر کوستوریکادا نیشاندراوە؟ گرنگییە سەرەکییەکەی فیلمەکە پەیوەست نییە بەو شێوازەی کە تێیدا لە ململانێیەکانی پۆستیۆگسلاڤیادا پشتی لایەنێک دەگرێت (سربە پاڵەوانەکان لەبەرامبەر کرواتی و سلۆڤینییە بەدکار و نازییگەراکان)، بەڵکو گرنگییەکەی لە تێڕوانینە "لەسیاسیخراو"ە جوانیناسییەکەیدایە. کاتێک کوستاریکا لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ گۆڤاری "Cahiers du cinema"دا، پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد کە "ژێرزەمین" بڕای‌بڕ فیلمێکی سیاسی نییە، بەڵکو ئەزموونێکی سوبێکتیڤی نەشوەئاسایە[9]، "خۆکوژییەکی دواخراوە"، ئەوا ئەو شێوازەی خستەڕوو ئەوەتا تێیدا فیلمەکە باگراوەندە فەنتازییە "ناسیاسی"یەکەی تاوانەکانی جەنگ و پاکتاوە نەژادییەکان لە دوای هەڵوەشانەوەی کۆماریی فیدراڵی سۆسیالیستی یۆگسلاڤیا نمایشدەکات. کوستاریکا لەڕێگەی نیشاندانی فەزای "خۆکوژیی دواخراو" وەک شەوێکی سووری نەبڕاوە و تەرخانکراو بۆ خواردنەوە و گۆرانی‌وتن و گانکردن، کە لە دەرەوەی کات و فەزای گشتییەوە ڕوودەدات، بەکردەیی ئابورییە لیبیدۆییەکەی

---

[8] Underground

[9] Trance-like

کۆمەڵکوژییە نەژادییەکان دەردەخات کە لەلایەن سڕبەکانەوە لە بۆسنادا پیادەکراون: نەشوەی زڕە-باتایی زێدەخەرجی، ڕیتمی شێتانە و نەپساوی خواردنەوە-خواردن-گۆرانیوتن- گانکردن.

ئا لێرەشدا وەڵامی پرسیاری "ئایا ئەوان چۆن توانییان ئەو کارانە بکەن؟" دەدۆزینەوە. جەنگ وەک "بەردەوامێتیی سیاسەت بە کەرەستەی دیکەوە" پێناسەکراوە، بەڵام ئەو ڕاستییەی کە کاراجیچ شاعیرە، وامان لێدەکات لەوە تێبگەین پاکتاوکردنی نەژادی لە بۆسنیا بریتیبوو لە بەردەوامێتیی (جۆرە) شیعرێک بە کەرەستەی دیکەوە. ڕاستە، میلۆسۆڤیچ جۆشوخرۆشە نەتەوەییەکانی "قۆستەوە"- بەڵام ئەوە شاعیرەکان بوون ئەو ئامرازەیان پێدا کە ئەم ئەرکە ڕاپەڕێنێت. ئەوان- واتە شاعیرە ڕاستگۆکان نەک سیاسەتمەدارە گەندەڵەکان- ڕەگوڕیشەی کۆی ئەم کارانەن، ئەوکاتەی لە دەیەی 1970 و سەرەتای دەیەی 1980دا تۆوی ناسیونالیزمێکی شەڕەنگێز و توندڕەویان، نەک تەنیا لە سربیا بەڵکو لە کۆمارەکانی تری یۆگسلاڤیای پێشووشدا، چاند. ئێمە لە دوای هەڵوەشانەوەی یۆگسلاڤیادا لەبریی ئاوێتەی سەربازێتی و پیشەسازی، تێکەڵەیەک لە پرسی شیعری و سەربازی بەدیدەکەین، ئەمەش لە هەردوو فیگەری ڕاتکۆ ملادیچ و ڕادۆڤان کاراجیچدا بەرجەستەکراوە.

✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻

# ئەشکەنجەخانەی شاعیرانەی زمان

چۆن شیعر بە پاکتاوکردنە نەژادییەکانەوە گرێدراوە؟[10]

ئەفلاتوون بەهۆی بانگەشەکردنی بۆ ئەوەی دەبێت شاعیران لە شاردا تورِبدرێن سومعەیەکی خراپی هەیە- لەکاتێکدا ئەم بانگەشەیە خۆی ئامۆژگارییەکی عەقڵانی‌یە، گەر بێتو لە گۆشەنیگای ئەزموونی دوای هەڵوەشانەوەی کۆماری فیدراڵی سۆسیالیستیی یۆگسلاڤیاوە لێی‌برِوانین، لەوێدا کە خەونە مەترسیدارەکانی شاعیران رِێگەیان بۆ پاکتاوکردنی نەژادی خۆشکرد. رِاستە، سلۆبۆدان میلۆسۆڤیج جۆشوخرۆشە نەتەوەییەکانی "قۆستەوە"- بەڵام ئەوە شاعیرەکان بوون ئەو ئامرازەیان پێدا کە ئەم ئەرکە رِاپەرِێنێت. ئەوان- واتە شاعیرە رِاستگۆکان نەک سیاسەتمەدارە گەندەڵەکان- رِەگورِیشەی کۆی ئەم کارانەن، ئەوکاتەی لە دەیەی 1970 و سەرەتای دەیەی 1980دا تۆوی ناسیۆنالیزمێکی شەرِەنگێز و توندرِەویان، نەک تەنیا لە سربیا بەڵکو لە کۆمارەکانی تری یۆگسلاڤیای پێشووشدا، چاند. ئێمە لە دوای هەڵوەشانەوەی یۆگسلاڤیادا لەبری ئاوێتەی سەربازێتی و پیشەسازی، تێکەڵەیەک لە پرسی شیعری و سەربازی بەدیدەکەین، ئەمەش لە هەردوو فیگەری رِاتکۆ ملادیچ و رِادۆڤان کاراجیچدا بەرجەستەیە. کاراجیچ تەنیا سەرکردەیەکی سەربازی و سیاسیی بێبەزەیی نەبوو، بەڵکو شاعیریش بوو. نابێت شیعرەکانی وی وەک شتێکی پاتاڵ و گاڵتەجارِ

---

[10] The poetic torture-house of language
How poetry relates to ethnic cleansing

ڕەتبکرێنەوە: بەڵکو شایەنی ئەوەن بەوردی بخوێنرێنەوە، چونکە شتێکمان دەرهەق بە شێوازی پیادەکردنی پاکتاویی نەژادی پێدەڵێن. ئەمەی خوارەوە چەند دێڕێکی سەرەتای شیعرێکی بێ ناونیشانێتی، کە بە پێشکەشکردنەکەیەوە دەناسرێت، "بۆ ئیزلێت سەراجلیک:"

وەرنە سەر باوەڕە نوێیەکەی من هۆ خەڵکینە

شتێکتان پێدەدەم کەس پێشتر نەیبووە

زبری و شەڕابتان پێدەدەم

ئەوەی تا ئێستا بە برسێتی سەریناوەتەوە،

بە ڕۆشنایی خۆرەکەم

تێردەکرێت.

ئەی خەڵکینە، لە باوەڕەکەی مندا هیچ شتێک قەدەغە نییە

خۆشەویستی هەیە، خواردنەوە هەیە

تا دڵت دەخوازێ چاوبڕینە خۆرەتاو هەیە

ئەم خودایەتییە هیچشت لێ قەدەغە ناکا

دە دەی بەدەم بانگەوازەکەمەوە وەرن، گوێڕایەڵ بن،

ئەی برایان، ئەی کۆمەڵانی خەڵک

ئەم هەڵپەساردن و لەکارخستنەی قەدەغە ئاکارییەکان خەسڵەتێکی سەرەکی ناسیونالیزمی "پۆستمۆدێرنە"یە. ئا لێرەدا، دەبێت ئەو کلێشەیە هەڵبگێردرێتەوە کە گوایە هاوشوناسییە ئیتنیکییە بەجۆشوخرۆشەکان ڕستێکی تۆکمەی بەها و باوەڕەکان لە گەرمەی نائارامیی شڵەژێنەری کۆمەڵگای عەلمانیی گلۆباڵدا دەگەڕیننەوە: لەجیاتییەکەیدا "فەندەمێنتالیزم"ی ناسیونالیستی تەنیا وەک بەگەڕخەر و کارئاسانکەرێکی شاراوەی "تۆ دەتوانیت"/ڕۆڵدەگێڕێت. بەبێ ناسینی تەواوەتی ئەم پاشهاتە زرە-ڕزگارکەرە لادەرەی ناسیونالیزم لەمڕۆدا، واتە ئەوەی کە چۆن سوپەرئیگۆی قێزەونانە ڕێپێدەر بریتییە لە تەواوکەری شیرازە ئاشکراکەی یاسای ڕەمزیی کۆمەڵایەتی، مەحکومین بە تێنەگەیشتن لە داینامیکیەتە ڕاستەقینەکەیەوە .

هیگڵ لە فینۆمینۆلۆژیای ڕۆحدا ئاماژە بە "چنینکاری [11]"بێدەنگ و بێ وەستانی "ڕۆح" دەکات: کارە ژێرەوانکێیەکەی گۆڕینی تانوپۆ ئایدیۆلۆژییەکان، کە زۆربەیجار چاوی فەزا گشتییەکە بێتوانایە لە بینینی، ئەوکاتەی دواتر کتوپڕ دەتەقێتەوە، هەمووان واقوڕماو دەکات. ئەمەش ئەو شتە بوو لە دەیەی حەفتاکان و هەشتاکان لە یۆگۆسلاڤیای پێشوودا ڕووی دەدا، هەر بۆیە ئەوکاتەی شتەکان لە کۆتایی هەشتاکاندا تەقینەوە، ئیدی پێشوەختە گەلێک درەنگ بوو، هاوڕاییە ئایدیۆلۆژییە کۆنەکە بەتەواوەتی داوەشاو و بەسەرخۆیدا داڕووخا. یۆگسلاڤیا لە حەفتاکان و هەشتاکاندا وەکو ئەو پشیلە باوەی ناو ئەفلام کارتون وابوو کە بەناو بۆشایی هەڵدێرێکەوە دەڕوات- تەنیا ئەوکاتە دەکەوێتە خوارەوە کە دواجار تەماشای ژێرەوە دەکات و بەئاگادێتەوە لەوەی ژێرپێی بەتاڵە. میلۆسۆڤیج یەکەم کەس بوو هەموومانی ناچار کرد کە بەڕاستی بڕوانینە بنەوەی هەڵدێرەکە .

[11] Weaving of the spirit

دەکرێت هێجگار بەئاسانی کاراجیچ و هاوپێڕەکانی وەک شاعیری خراپ ڕەتکەینەوە: بەڵام نەتەوەکانی دیکەی یۆگسلاڤیای پێشوو (و سڕبیا خۆیشی) شاعیر و نوسەری وایان هەبوو بە "گەورە" و "ڕەسەن" ناسێنراون و کەچی بەتەواوەتی لە پرۆژە ناسیونالیستییەکاندا ڕۆچووبوون. ئەی چی دەربارەی پیتەر هاندکەی نەمسایی، وا بە نوسەرێکی کلاسیک لە ئەدەبیاتی هاوچەرخی ئەوروپی دادەنرێت، بەماتەمبارییەوە لە پرسەی بەخاکسپاردنی سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچدا ئامادەبوو؟ نزیکەی سەدەیەک لەمەوبەر، کارل کراوس لە کاتی ئاماژەکردنی بە سەرهەڵدانی نازیزم لە ئەڵمانیادا زرنگانە پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشا کە ئەڵمانیا، لە وڵاتی ***Dichter und Denker*** (شاعیران و بیرمەندان)ەوە بووەتە وڵاتی ***Richter und Henker***(داوەران و جەلادەکان)- پێدەچێت ئەم ئاوەژووکردنەوەیە هێندە زۆر نەمانحەپەسێنێت. بۆ ئەوەی نەشکەوینە ناو ئەو وەهمەی گوایە تێکەڵەی پرسی شیعری و سەربازی تەنیا تایبەتمەندییەکی بەڵکانە، دەبێت لانیکەم ئاماژە بە حەسەن نغێزە، کاراجیچی ڕواندا، بکەین. نغێزە لە گۆڤارەکەیدا، کانگوارا، بەشێوەیەکی سیستەماتیک ڕقی لە دژی توتسیەکان بڵاودەکردەوە و داوای پاکتاوکردنیانی دەکرد.

بەڵام ئاخۆ ئەم پەیوەندییەی نێوان شیعر و توندوتیژی شتێکی هەڵکەوتە؟ چۆنچۆنی زمان و توندوتیژی بەیەکترەوە گرێدراون؟ واڵتەر بنیامین لە وتاری "ڕەخنە لە توندوتیژی"دا ئەم پرسیارە دەورووژێنێت: "ئاخۆ ڕێیتێدەچێت هیچ ڕێچارێکی ناتوندوتیژانە لەمەڕ ململانێ لەئارادابێت؟" وەڵامەکەی وی بریتییە لەوەی ئەم جۆرە ڕێچارە ناتوندوتیژانەیە بۆ ململانێکان لە "پەیوەندییە تایبەتەکانی نێوان تاکەکەسەکاندا ڕێتێچوو و مومکینە"، واتە لە ئاکارجوانی، هاوسۆزی و متمانەدا: "فەزایەکی سازان و تەبایی مرۆیی هەیە تا ئەو ڕادەیە ناتوندوتیژە کە بەتەواوەتی لە دەرەوەی

دەستڕاگەیشتنی توندوتیژییە پێی: فەزای "تێگەیشتن"، بەمانای پڕبەپێستی وشەکە، واتە زمان". ئەم تێزە سەر بەو نەریتە بەربڵاوەیە کە تێیدا ئایدیا باڵادەستەکە دەرهەق بە زمان و پانتایی ڕەمزی بریتییە لە ڕوانین لێیان وەک میدیۆمێکی ئاشتبوونەوە و نێوانگیری، و پێکەوەژیانی ئاشتیانە، وەک دژبەری میدیۆمە توندوتیژەکانی سەر بە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ. لە زماندا، لەبریی پیادەکردنی توندوتیژیی ڕاستەوخۆ دەرهەق بە یەکتر، وامان لێ دەخوازرێت گفتوگۆبکەین و بۆچوونەکانمان ئاڵوگۆڕ بکەین- ئەم ئاڵوگۆڕەش، تەنانەت ئەوکاتەشی شەڕەنگێزە، پێشگریمانەی لانیکەمی ددانپیانان بە ئەویتر دەکات .

بەڵام ئەی چی دەبێت کتومت هۆکاری ئەوەی توانستی مرۆڤەکان بۆ توندوتیژی لە هی ئاژەڵەکانیش تێدەپەڕێت بریتی بێت لەوەی مرۆڤەکان قسەدەکەن؟ زمان چەندین خەسڵەتی توندوتیژی هەیە کە لەلایەن کۆمەلناس و فەیلەسوفەکانەوە، لە بۆردیۆوە بۆ هایدگەر، خراونەتە بەرباس. بەهەرحاڵ، ڕەهەندێکی توندوتیژی زمان هەیە کە هایدگەر نەپەرژاوەتە سەری، بەلام خاڵێکی سەرەکی تیۆرەکەی لاکانە دەربارەی پانتایی ڕەمزی. لاکان بەدرێژایی کارەکانی تێگەکەی هایدگەر دەربارەی زمان وەک ماڵی بوون دەگۆڕێت: زمان دروستکراو و ئامرازی مرۆڤ نییە، بەڵکو ئەوە مرۆڤە لە زماندا "نیشتەجێیە": "دەروونشیکاری بریتییە لە زانستی زمان کە سوبێکتی تێدا نیشتەجێیە". پێچە "پارانۆیایی"ەکەی لاکان، لەوە سەرچاوەدەگرێت کە لاکان ئەم ماڵە وەک ئەشکەنجەخانە (ماڵی-سزادان) دەستنیشاندەکات: "لە دیدە فرۆیدییەکەوە، مرۆڤ گیرۆدە و ئەشکەنجەدراوە بەدەست زمانەوە ."

دیکتاتۆریەتی سەربازی لە ئەرژەنتین لە ساڵی 1976ەوە بۆ 1983 تایبەتمەندییەکی سەمەرەی ڕێزمانیی هێنایەئاراوە: بەکارهێنانێکی نوێی بکەر نادیار[12] بۆ فرمانە بکەر دیارەکان[13]: ئەوکاتەی هەزاران چالاکوانی سیاسیی چەپ و ڕۆشنبیران بێ سەروشوێنبوون و کەس دووبارە نەیبینینەوە، لە لایەن سوپاوە ئەشکەنجەدران و کوژران، کەچی نکۆڵیشیان لەوە دەکرد هیچ شتێک دەربارەی ئاقیبەتیان بزانن، وەک "بێ سەروشوێنەکان" (disappeared) ئاماژەیان بۆ دەکردن، فرمانە ڕێزمانییەکە بەو مانا سادەیە بەکارنەدەهات کە ئەوان " ونبوون یان خۆیان بێ سەروشوێنکردووە" (they disappeared)بەڵکو بە مانا بکەر دیارە تێپەڕەکە[14] بەکاردەهات: ئەوان "بێ سەروشوێنکراون (they were disappeared)" (لەلایەن یەکە نەهێنییەکانی سوپاوە). لە ڕژێمی ستالینیدا، گۆڕینێکی کارکردی[15] نائاسایی هاوشێوە بەسەر فرمانی "دەست لەکارکێشانەوە" (to step down)دا هات: ئەوکاتەی بەئاشکرایی ڕادەگەیندرا ئەندامێکی باڵای تاقمی سەرەوە[16] دەستی لە پۆستەکەی کێشاوەتەوە (زۆربەیجار بەهۆی دۆخی تەندرووستییەوە)، و هەموو کەسێکیش دەیزانی لەڕاستیدا هۆکارەکە بریتییە لەوەی ئەو کەسە لە ململانێی نێوان تاقمە جیاوازەکانی ناو تاقمی سەرەوەدا دۆڕاوە، خەڵکەکە دەیانوت "دەستیان پێ لەکارکێشاوەتەوە" (was stepped down). دیسان، کردەیەک کە بەشێوەیەکی ئاسایی دراوەتەپاڵ کەسە کارتێکراو و بەرباسەکە (ئەو دەستی لە کارکێشایەوە یان بێسەروشوێن بوو) وەک بەرەنجامی چالاکییەکی ناشەفافی بریکارێکی دیکە

[12] Passive
[13] Active
[14] Transitive
[15] Inflection
[16] Nomenklatura

لێکدەدرێتەوە (پۆلیسی نەهێنی ئەویان بێ سەروشوێن کرد، زۆرینەی دەستەبژێرییەکە دەستیان پێ لەکارکێشایەوە). ئاخۆ نابێت کتومت بەهەمانشێوە تێزەکەی لاکانیش دەربارەی ئەوەی مرۆڤ قسەناکات بەڵکو بەقسەدەهێنرێت بخوێنینەوە؟ خاڵەکە بریتی نییە لەوەی کە مرۆڤەکە "قسەی دەربارە" دەکرێت، بابەتی قسە لەسەرکردنی مرۆڤەکانی ترە، بەڵکو ئەوەیە کە ئەوکاتەی (وادەردەکەوێت) قسە دەکات، "بەقسەدەهێنرێت"، بەهەمانشێوەی ئەو کارمەندە کۆمۆنیستە بەدبەختەی "دەستی پێ لەکار دەکێشرێتەوە". ئەو شتەی ئەم هاوشێوەییە نیشانی دەدات بریتییە لە پێگەی زمان، پێگەی "ئەویتری گەورە"، وەک ئەشکەنجەخانەی سوبێکت.

ئێمە عادەتەن ئاخاوتنی سوبێکتێک، بە کۆی نایەکانگیرییەکانی، وەک گوزارشتێک بۆ شڵەژان و پەشێوییە ناوەکی و سۆزە ناڕوونەکانی و هتد وەردەگرین. ئەمە تەنانەت بەنیسبەت کارێکی ئەدەبیشەوە هەر ڕاست دەکەوێتەوە: وادادەنرێت ئەرکی خوێندنەوەیەکی دەروونشیکارییانە بریتییە لە پەردەلادان لەسەر ئەو شڵەژانە ناوەکی و دەروونیانەی لە کارە هونەرییەکەدا بەڕەمزوڕاز گوزارشتیان لێکراوە. بەڵام لەم شرۆڤە کلاسیکیەدا شتێک نادیدەگیراوە: ئاخاوتن تەنیا ژیانێکی دەروونی تراوماتیک دەرنابڕێت و تۆماری ناکات؛ بەڵکو هەر داخڵبوون بۆ ناو گوتە و ئاخاوتن خۆی ڕاستییەکی تراوماتیکە. ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت ئێمە دەبێت ئاخاوتنیش بۆ سەر لیستی تراوماکان زیادبکەین کە هەوڵدەدات لەگەڵ پاشهاتە تراوماتیکەکەی ئاخاوتن خۆیدا مامەڵەبکات. بەم جۆرە دەبێت پەیوەندیی نێوان شڵەژانی دەروونی و گوزارشتکردن لێی لە ئاخاوتنیشدا ئاوەژوو بکرێتەوە: ئاخاوتن تەنیا گوازرشتکەر و دەربڕی شڵەژانە دەروونییەکان نییە؛ لە خاڵێکی سەرەکیی دیاریکراودا، خودی شڵەژانە دەروونییەکان کاردانەوەیەکن دەرهەق بە تراومای نیشتەجێبوون لە "ئەشکەنجەخانەی زمان"دا.

هەر لەبەر ئەوەشە، بۆ ئەوەی حەقیقەت بهێنینەگۆ، هێندە کافی نییە دەستوەردانە چالاکەکەی سوبێکت هەڵپەسێرین و ڕێگە بە زمان خۆی بدەین بدوێت- وەکئەوەی ئێلفرید جێلەنیک بەوپەڕی ڕاشکاوییەوە وتوێتی: "زمان دەبێت ئەشکەنجە بدرێت بۆ ئەوەی حەقیقەت بڵێت". زمان دەبێت پێچبخوات، لەسرووشتیبخرێت، فراوانبکرێت، چڕبکرێتەوە، ببڕدرێت، یەکبخرێتەوە، لە دژی خۆی بەگەڕبخرێت. زمان وەک "ئەویتری گەورە" بریتی نییە لە بریکارێکی حیکمەت کە دەبێت ئاشنای پەیامەکەی ببین، بەڵکو شوێنی گەمژەیی و بێباکییەکی دڵڕەقانەیە. بەراییترین شێوەی ئەشکەنجەدانی زمانیش پێیدەوترێت **شیعر**.

*****************************************

## ژیژەک لە وەڵامی پرسیارێکدا

**پرسیار: بەڕێز ژیژەک، ئایا شیعر مردووە؟ ئەگەر مردبێت، چی کوشتوویەتی؟ گەر وەهاش بێت ئەی ئاخۆ چ شتێک دەتوانێت بیبوژێنێتەوە؟ لەم فۆرمولەبەندی و داڕشتنەدا، شیعر دەبێتە زۆمبییەکی سوار[17]. شتێکی باش نییە. دەکرێت بە چی ئەو مەرگە هەڵبگێڕدرێتەوە کە شیعر دەزانێت وا لەڕێیەتی؟**

ژیژەک: شیعر نەمردووە، بەڵام زامێکی بەسوێی تێبووە؛ زامێک کە خەتای خۆیەتی و خۆیشی لێی بەرپرسیارە. چەندە زیاتر دەڕوانمە ڕسکانی حاڵەتە مۆدێرنەکانی پاکتاوە نەژادییەکان، زیاتر ئەوە کەشفدەکەم کە هەمیشە شاعیرێک هەبووە ئامادەسازیی بۆ

[17] Zombie on wheels

ئەم پاکتاوکردنە کردووە: لە بۆسنیا، و ڕواندا و هتد. ستیفن وینبێرگ وتویەتی: پێویستت بە شتێکی وەکو دینە بۆ ئەوەی وا لە خەڵکی باش بکەیت کاری خراپ ئەنجامبدەن. پێموایە شیعریش دەتوانێت هەمان ئەم کارە بکات؛ شیعر لەڕێگەی دیدگا نەشوەئاسا بەگوژمەکەی خۆیەوە دەتوانێت وات لێبکات لەهەمبەر تۆقینی ئەو شتەی بەکردەیی ئەنجامی دەدەیت، کوێرایی داتبگرێت. بۆیە پێموایە کاتێک ئەفلاتوون شاعیرانی لە شار وەدەرنا، خاڵە ڕاست و گرنگەکەی پێکاوە .

## سەرچاوەکان:

دەقی یەکەم:

https://www.lrb.co.uk/the-paper/v30/n16/slavoj-zizek/the-military-poetic-complex

دەقی دووەم:

https://www.poetryfoundation.org/poetrymagazine/articles/70096/the-poetic-torture-house-of-language

وەڵامەکە:

https://www.theguardian.com/books/live/2014/oct/06/slavoj-zizek-webchat-absolute-recoil?page=with:block-54353bd1e4b0d098fa946d87#liveblog-navigation